# كاكه حەمه تاكه ڕەنگ و دەنگی كورد بوو له كۆبونەوەی ئۆپوزسیۆن

ئامانج ڕەزا

كۆنگرەی ئۆپوزسیۆنی عێراق بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە شارۆچكەی پیرمام بە ئامادە بونی ژمارەیەكی زۆر لە میدیاكانی جیهان بەڕێوە چوو، كۆبونەوەكە جگە لەوەی بایەخی سیاسی و ڕەهەندیتایبەتی خۆی هەبوو بۆ ئایندەی ئەزمونی كورد، لە هەمان كاتدا نمایشێكی سیاسی مێژویی گەورە بوو بۆ كورد كە بتوانێت بە هەموو شێوەیەك ڕووی ڕاستەقینەی دۆزەكەی خۆی نیشانی ڕای گشتی جیهان بدات، بە تایبەتیش لە خستنە ڕووی هەندێ لایەنی زیندوی نێو فەرهەنگی كوردی، كە تا ئێستا وەك پێویست بۆ دونیای دەرەوە ڕۆشن نیە.

بەڵێم ئەوەی جێگەی داخە كۆبوونەوەكە تەواو بو نەتوانرا ئەم هەلە بقۆزترێتەوە لایەنێكی شاراوەی بچوكی فەرهەنگی كورد نیشانی مێوانان بدرێت، بە درێژایی ڕۆژانی كۆبونەوە جگە لە كلاَّوو جامانە و كورتەك وشرواڵی كاكە حەمەی حاجی مەحمود نەبێت، هیچ شتێك نەبوو سیمایەكی كوردانە بە كۆبوونەوەكان ببەخشێت، تەنانەت ئەگەر یەكێك دوور بەدوور سەیری بكات هەست ناكات ئەم كۆبوونەوەیە لەجەرگەی كوردستان بەستراوە و بەڵكو وا دەزانێت ئەم كۆبوونە سیاسیە لە داڤۆس یانیش كامبدیڤد ئەنجام دراوە.

لەوانەیە بۆ كاك مەسعودو مام جەلال لەبەر هەندێ ئەتەكێتی دیبلۆماسی و پێگەی بەرزی هەندێ شاندی مێوان نەكرێت جلو بەرگی كوردی لە بۆنەیەكی وا فراوان بپۆشن، بەلاَّم خۆدەكرا ئەندامە كوردەكانی تر ی كۆبوونەوە وەك كاكە حەمە جل و بەرگێك لەبەر كەن كە سێمبولی نەتەوەیی كوردیی بێت، من بەش بە حاڵی خۆم هەر كاتێك زوومی كامێراكان دەهاتە سەر كاكە حەمە خۆشحاڵییەكی زۆر دای دەگرتم و پێم وابوو تاكە ڕەنگو دەنگی كورد لەم كۆبوونەوەیە كاكە حەمەیە.

Amanjraza@maktoob.com

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نوسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت) ە، بەلاَّم بەهۆی بروابوونمان بەئازادی دەربرینەوە، بلاَّویدەكەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتكاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣